# گەشتی کەناری

**دارا بینایی**
Binaee3@yahoo.com



**دەچم بۆ گەشت ...ئێوارە**

**کاتێك کە خۆر ئاوا دەبێت**

**چەپکێ گوڵم لە دەست دایە**

**دیارییە بۆ ئەستێرەکان**

**بڕوانن وا خۆم پۆشیوە**

**لە رەنگی پەلکە زێڕینە**

**چاوەرێم ئەمشەو مانگ بێت**

**بەتریفەی دەستم بگرێت**

**گەشت دەکەم بۆ کەناری دەریا**

**تا شەپۆل لە خۆییم بگرێت**

**سلیمانی** 2002/3/23

## من و تۆ

**تۆ گوڵە باخی سووری**

**لە باخێکدا رووای**

**هەموو کاتێك گەشاوەی**

**شیلە لە دەم ڕژاوی**

**منیش وەکو پەپوولە**

**لەناو ئەو باخە دەفرم**

**لە هەرجێ گوڵ ببینم**

**لە هیچیان هەڵ نانیشم**

**چونکە تەنها عەشقی تۆم**

**رێگە بدە هەڵ نیشم**

**سلێمانی**
1994